# نامەی دایکیکی زیندانی

ئاسۆ ڕەشید بیارەیی

بەڕیزان !

لەم نامەیەدا دوو بیرەوەریتان بۆ دەنوسم.

١-ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواجار برا پێشمەرگەکان لەدوای زنجیرەشەڕێکی ئازایانە لەگوندی (قلیجان) ی گەرمیان کشانەوە ئێمە هەستمان بەچارەنووسی نادیاری خۆمانکرد. . ئەنجام واشبوو. سەر لەبەیانی ڕۆژی دوایی سوپای ئەنفالهێنەر ناوچەکەی بۆردومانکرد و گوندەکەی لەدووکەڵدا وونکرد. ئێمە کەچەند خێزانێك ئەبووین لە کە ندڕەکای خوار ئاوایی خۆمان حەشاردابوو. لەسیمای یەکتر زۆرشتمان دەخوێندەوە و دەمان ووت :بریا خوا مەرگی ئێمەشی زووتر بسەندایە. . با لە ناوچەی داویٚ هەمووومان بکوژراینایە!. چەند مندالیٚ کە فریایی ئەوە نەکەووتبوون کە دایك وبابیان حەشاریان بدەن کەوتنە بەر گوللەی کۆپتەرەکان و کوژران. بەلٚێ چۆنی دەگێرمەوە وایە. . کاتیٚ سوپای دلٚپرلەقینی کلاٚوسەوزان هاتنە ناو گوندەکەمانەوە، وێنەی گورگی هار منداڵەکانیان وەك گونیەخۆلٚ فرێدەدایە ناو ئیڤاکانەوە. . ئەو کەسەشی سەرپێچی دەکرد دەکوژرا. جاشە خۆفرۆشەکانیش لەوان خراپتر. . یەکێکیان هاواریدەکرد سەیدی وازملیٚبهێنن باهەقی براکەم بسێنم کە لە قەرەداغ بەدەستی (پێشمەشکە) کوژرا.

دەست بەجیٚ ژن و پیاویان جیاکردەوە و لە زیلی عەسکەری قایمیانکردین. پاش چەندرۆژیٚ خۆمان لەنوگرەسەلمان دیتەوە.

٢-چەند ڕۆژیٚ لە مەوبەر (کوردۆ) کوڕم لەباوەشبوو و خەریکبووم سەریم پاکدەکردە، دایکانی تریش هەروەها بە منداڵەکانی خۆیانەوە خەڕیکبوون. . لەپرقیژەی ژن و منداڵمان لەدەرەوەی زیندانکەوە کەوتە بەرگویٚ. بێدەنگی ڕۆژی حەشر باڵی کێشا بەسەر هەموماندا. گوێی خۆمم شلکرد بەلاٚم تێنەگەیشتم، دیاربوو دانیشتووی بادینانبوون. دەنگێکی تریش لەناودەگەکاندا رایچڵەکاندم و هاواری ژنێك بوو : کوڕەکەم مەدەن بەسەگ هێشتا نەمردوە! پاسەوانەکانی زیندانەکە ئەوەی نەخۆشبوایە ئەیانکردە خۆراکی سەگەکان کەلەودیوی تەلەدڕکاویەکەوە چاوەڕێی لاشەیاندەکرد.

ڕوداوەکە هێندە کاریگەربوو کاریکردە سەرهەموومان. وویستم بگریم بەلاٚم دەمێکبووسەرچاوەی گریانم ووشکیکردبوو، تەنها شەختەی خەمەکانمی ئەستورتردەکرد.

بەڕێزان!

ئەگەر ئازاری زیندانەکەمتان بۆ باسبکەم لەوانەیە بەرگەی خەمی یەك ساتی دژواری ئەنفال نەگرن. بەلاٚم دلٚنیاتاندەکەم کەسەرەرای مەرگی لەبەرچاو، ئاسۆی هیوامان چاوی لەهەلٚمەتی شێرانەی ئێوەیە. لەوکاتەدا کەگوێمان لەتەپەی پێی پاسەوانەکانە، فرمێسکەکانمان دەسرین و ئازارەکانمان دەشارینەوە. بروامان بەوەیە کە رۆژیٚ دیٚت کە بگەرێنەوە بۆ خاکی خۆمان.

تکام وایە ئێوەش ئێمە لەبیرنەکەن. . دایك و خوشك و کۆرپەکانتان لەم بیابانەبێفەرەدا دیلی داگیرکەرن.

---

١-ئەم نامەیە لە گۆڤاری پێشەنگ ژمارە١٨سالٚی١٩٨٩لەژێرناوی (دایکی کوردۆ) دا بلاٚوکراوەتەوە.

پێشمەشکە:کوردفرۆشەکانی لای سەدام پێشمەرگەیان واناوەبرد.

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە لە نامەی دایکێکی ناو زیندانی نوگرە سەلمان وەرگیراوە کە لەسەر پارچەپەرۆیێك بۆ خزمەکانی سالٚی ١٩٨٨ناردبوو.